# تەنها یەک ریزی و بەهیزکردنەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی
# 1 ی ئایار وەک رۆژی نارەزایەتی وهاوپشتی کریکاران شکۆدار دەکاتەوە

لە سەرەتای سالانی نەوەدی سەدەی رابردوو ، ئەوکاتەی ئیمە کۆمۆنیستەکان هێزێکی مەیداندار و بەرچاوی کۆمەلگای کوردستان بووین ، ئەو کاتەی مەراسیمە ئایاری یەکانمان لە کوردستان لە ژیر دروشمی ( رۆژی یەکی ئایار رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی جیهانی چینی کریکارە) بە بەشداری دەیان هەزار کەس زیندو کردەوە و بەرز رامان دەگرت ، هەر لەو کاتەدا نوکتەیەک لە نێوماندا هەبوو کە گوایە هاوڕێ یەکمان بە کریکاریکی ووتبوو دەبیت کریکارانی جیهان یەکگرن ، ئەو کریکارەش ووتبووی مامۆستا تۆ دەلێ ی چی عەلەی برام لە یەک مەعمەل و یەک شەفت کار دەکەین یەک ناگریت لەگەلمدا ، نۆرەی کرێکارانی هەموو دنیامە؟!

راستی یەکەی رادیکالیزم بەخەرج دانی ئیمە و بەدبینی و بێ هیوای ئەو هاورێ کریکارە هەردووکیان هەلگری ناکۆکی بوون .

ئەو هاوری کریکارە کە دەکریت بلێین قسەی بەشیکی کریکارانی بێ هیوایە کە دوای تاقی کردنەوەی دەیان سالی گوێ گرتنیان لە ئامۆژگاری یە مامۆستا ئاساکانی کەسانێک کە خۆیان بە پیشرەوی ئەوان ناسیوە ودوای سەرنەکەوتنی خۆیان لە بەرامبەر تواناو فریوکاری یەکانی بۆرژوازی و سەرمایەداری ، بەو ئاکامە گەیشتوە .

ئیمە کۆمۆنیستەکانیش کە بریاربوو بەشی پیشرەوی چینی کریکار بین و هیزی چینایەتی کریکاران رۆژ لە دوای رۆژ ریکخراوتر و بە هێزتر بکەین ، سەنگەری زیاتر لە بۆرژوازی بگرین . ئەم ئەرکە مێژویەمان بە دروست و باشی ئەنجام نەدا و کەناری کۆمەلگا و تەریک کەوتنەوە بووە جیگای خۆشمان . لەگەل خۆشمان بێ هیوای هاوری کریکارەکانمان گەورەتر کرد .

بەلام لەدەرەوەی بێ هیوایی بەشێکی زۆر لە کریکاران و هەموو ئەو کەسانەی ئایار بە جەژنی خۆیان دەزانن ، بەدەر لە گۆشەگیر بوونی ئیمە کۆمۆنیستەکانیش لە کوردستان ، شیعاری ( رۆژی یەکی ئایار رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی جیهانی چینی کریکارە) بە توانای خۆیی و دروستی ئامانجیکی هاوبەش کەکریکارانی جیهان هەیانە ماوەتەوە . ئەوەی روویداوە چوونە دواوە و پاشەکشەکردنی بزووتنەوەی ئیمە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یە کە مەراسیم و مارشە ئایاری یەکان رابەری و هیدایەت ناکات . کیشەکە لەوەدایە کە چینی کریکاری کوردستان تایبەتمەندی مێژووی خۆی بەجۆریکە کە جگە لە کۆمۆنیستەکان پیشرەوانیکی تر شک نابەیت ئایار و خەباتی هاوبەشی کریکاران بە ئەرکی خۆی بزانیت . کەوایە بە داخیکی زۆرەوە دەکریت بلیین بە هۆی پاشەکشەی ئیمەوە ئایارەکانیشمان چەند سالیکە بی نازو سەرکزۆلەیە ، لە ئایاری بزووتنەوەی سەدا ن و هەزاری نارەزایەتی و داواکاری یەکانەوە کە سیمای ئایارەکانی سەرەتای سالانی نەوەد بوو گۆراوە بە ئاهەنگی 50-60 کەسی هۆلە داخراوەکان .

هاوکیشەکە پیچەوانەیە  رۆژانیک کە مۆتەکەی گەرانەوەی بەعس ، باری ئابوری خراپی کوردستان پشتی هەزاران خیزانی کریکاری کوردستانی شکاندبوو ، بیکاری لەوپەری زیادی ژمارەیدابوو ، دووگەمارۆی ئابوری ، داخستنی بەشی هەرە زۆری کارگەکان ، بارقورسی دەسەلاتداریتی میلیشیایی حیزبەکوری یەکان ، سەرەرای هەموو ئەو بارگرانیانە بەلام چونکە ئیمە هەبوین و کارمان دەکرد ئایاری دەیان هەزاریمان بەرێ دەخست . ئەمرۆ  مۆتەکەی رژیمی بەعس نەماوە و گۆربەگۆر بووە ، برسیتی نەماوە ، بیکاری زۆر کەم بۆتەوەو  سەرمایەداری کورد لە ناوچەکانی خواروی عیراق و دەرەوە کریکاران دەهینیت بۆ مژینی شیلەی گیانیان ، نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری رۆژ بەرۆژ لە زیادبووندایە ، سەرەرای ئەم هەموو خالە بەهیزانە چوونکە ئیمە پەرژوبلاوین و خۆمان خزاندۆتە کەناری کۆمەلگاوە  ئایارەکانمان بی رەونەقن .
ئەم هاوکیشەیە دەکریت جاریکی تر پیچەوەانە بکریتەوە ، زەمینەی مادی ئەم پیچەوانە کردنەوەیە بە توانایەکی زۆرەوە لە ئارادایە ، خالیی بەهیز و درەخشانی زۆر لە قازانجی ئەم کارەی ئیمەیە  ،  ئەوەی درەخشان نی یە ، ئەوەی مایەی نیگەرانی و رەخنەیە  ،  خودی خۆمانین ، پەرژووبلاوی ئیمە  ئەوانەی بەیەکەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیمان پیکهیناوە و کردوومانە بە سیمایەکی سیاسی کۆمەلگای کوردستان  .
ئەگەر بریارە کەسانیکی پیشرەو واقع بین بین ئەرکمانە  لە مەقعیەتی مەسئولیەتەوە سەیری ئەم ئەرکە بکەین ، لەدەرەوەی دۆگم و هەرخۆم بۆخۆمی هەریەکیکمان  شیعاری (کریکارانی جیهان یەکگرن) (یەکی ئایار رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینی کریکارە) راوەستاوە و ئیمە بۆ ئەم ئەرکە میژووی یە بانگەواز دەکات .
هیچ مەیل و فرقەیەکی فکری و سیاسی  ناومان ناتوانیت لە ئاستی  ئەرکی (کریکارانی جیهان یەکگرن) دا بیت  ئەگەر فراوانتر لە تیگەیشتنی ئیستای بۆ خەباتی چینەکەی خۆی و کیشەکانی نەروانیت ،  هیچ مەیلیکی کۆمۆنیستی بەتەنها ناتوانیت کریکاران بەگشتی لە ژیر چەتری خۆی دا ریکخرا و بکات  . ئەگەر کەس و ریکخراویک وا بیر بکەنەوە  جگە لەوەی لە دنیای خەیالدا دەژین لە باری پراتیکی و میژوویشەوە نامەسئولن .  مارکس و ئەنگلس لە مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیستدا ئاوها باسی کۆمۆنیستەکان دەکەن :

بەشێوەیەکی گشتی هەڵویستی کۆمونیستەکان بەرامبەر پرۆلیتاریا چۆنە؟
کۆمونیستەکان پارتێکی جیاوازنین، بەرەنگاری پارتەکانی دیکەی کارگەران بکەن. ئەوان بەرژەوەندی وایان نییە لە بەرژەوەندی گشت پرۆلیتاریا جیاوازبن. ئەوان بیروباوەڕی جیاوازیان نییە[1] بیانەوێ بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بخەنە ناو قاڵبیەوە.

کۆمونیستەکان بەوە لە پارتەکانیتری پرۆلیتاریا جویدەکرێنەوە کە لە لایەکەوە لە خەباتی پرۆلیتاریای نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا، بەرژووەندی هاوبەشی هەموو پرۆلیتاریا، وێرای جیاوازی نەتەوە، دەخەنە پێشەوەو دیفاعی لێدەکەن، لەلایەکیتریشەوە بەوەدا کەلە قۆناغی جیاجیای پەرەسەندووی خەباتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوادا ئەوان هەمیشە بەرژەوەدییەکانی سەرانسەری بزوتنەوەکە بەگشتی نوێنەرایەتی دەکەن. بەمجۆرە دەبینین کۆمونیستەکان لەکردەوەدا بەبڕیارترین تیپێکی ناو پارتەکانی کارگەرانن لەهەموو وڵاتێکدا، تیپێکی وا کە هەمیشە لە باری تیئۆرییەوە بەرەوپێش دەڕۆن و، لەچاو بەشەکانی دیکەی پررۆلیتاریا ئەمان رەوشنتر زروف و رێڕەوو، ئەنجامە گشتییەکانی جوڵانەوەی پرۆلیتاریا تێدەگەن.

ئەگەر لەم روانگەیەی مانیفیستەوە ئیمە ئەرکی خۆمان دیاری بکەین بەر لە هەر شتیک دەبیت پەرژوبلاوی ریزەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی چارەسەر بکەین و ژمارە و توانامان زیاد بکەین . سەرلەنوێ هەستانەوەی بزووتنەوەی کریکاری و کردنی بەهیزیکی قودرەتمەندی کۆمەلایەتی لە گرەوی کۆکردنەوەی هیزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دایە لە ریزیکی یەکپارچەدا ، مارکس بۆ بەعەمەلی دەرهینانی شیعاری کریکارانی جیهان یەکگرن ! نەچوو بەتەنها خەریکی کۆکردنەوەی هاوبیرانی خۆی بیت ، ئەنتەرناسیونالی کۆمۆنیستی یەکەم کە لەژیر رینوێنی ئەودا پیکهات تیکەلەیەک بوو لە مەیل و بۆچونی جیاوازی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ، بەمە توانرابوو خەباتی کریکاران لە مەیدانە جیاوازەکانی کیشمەکیشی چینایەتی و لەسەر ئاستی جیهانیش ریکخرا و یەکگرتوو بکات . کەسیک ، ریکخراویک ، حیزبیکی کۆمۆنیستی کە بریارە بەرژەوەندی گشتی چینی کریکار نوینەرایەتی بکات ، ناکریت نامەسئولانە لەم قۆناغە خراپەی خەباتی چینایەتی کریکاران هەلویستی هەبیت و تەنها فرقەکەی خۆی بۆ گرنگ بیت.

ئەمرۆ لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستاندا دوو بۆچوون هاوشانی یەک لە ئارادان ، یەکیک پێ لەسەر دریژەدان بە دوبارەکردنەوەی هەلەکانی پێشو دادەگریت. ئەو دیوار و قۆزاخەیەی بۆ خۆی دروست کردووە نایروخینیت تاکو دنیای دەرەوەی خۆی و باری لاواز و پاشەکەی جدی چینی کریکار ببینیت ، تاکو خۆی بۆ سەرلەنوێ هەستانەوەی ئامادە بکات ، هاوشانی ئەمە بۆچونیکی تر لە ئارادایە کە دەیەویت ئەم قوناغە سەرتاکەی بە کۆتایهێنان بە پەرژوبلاوی ریزی کۆمۆنیستەکان دەست پێ بکات و لەگەل خۆی دا بەرژ و بلاوی و ناریکخراوی بزووتنەوەی کریکاری کۆتای پی بهێنێ و بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی بکات بە هیزیکی مەیدانداری کۆمەلگا . ئەرکی هەرکۆمۆنیستیکی بە مەسئولە هەرچی بۆچونی یەکەمە بخاتە ژیر رەخنەی جدی کۆمۆنیستی و مارکسیستی یەوە و بۆچونی دووەم بەهیزو قودرەتمەند

بکات .  ئەگەر ئەم کارە بکەین یادی ئایارەکانمان  نەک تەنها گەش دەبیتەوە بەلکو بەواقعی دەبیتەوە بە رۆژی هاوپشتی چینایەتی کریکاران و تەمی ناباوەری و بێ هیوایی کریکارانیش  دەرەویتەوە .
شکۆداربیت رۆژی یەکی ئایار
رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینی کریکار

سامان سعید
30ی نیسانی 2005